

## کوالێتی بێ سنوور لە نوێترین مۆنیتۆری ئێل LG

کۆمپانیاLG نیازی هەیە لە ساڵی 2014شدا لە رکابەری نێوان کۆمپانیاکاندا لە ریزی یەکەم دابێت، ساڵی رابردوو کۆمپانیای ناوبراو مۆنتیۆری زۆر پانی خۆی واتە 21 لە 9 ئینجدا خستە بازارەوە، ئەمساڵیش نوێترین مۆنیتۆری خۆی بە ناوی MU95 کە 31 ئینجە لە پێشانگای ساڵانەی خۆیدا خستییەڕوو، یەکەمین مونیتیۆرە کە کوالیتییەکەی K4ە. بۆ زانیاریی زیاتر ئەم کوالیتییە وەك ئەوەی کە ئاوێنەیەکی روون وێنە نیشان بدات یان وەك ئەوەی وێنەکان لەو دیوی پەنجەرەوە نیشان بدرێن. هەروەها زۆر تەلەڤزیۆنی ئولتراش ئەم کوالیتیەیان هەیە و لەگەڵ ئەوەیدا کە مۆنتیۆری ئەم دواییەی ئاسۆسیش کوالیتیەکەی زۆر بەرزە بەڵام پانییەکەیان ئەوەندە نییە. ئەم مونیتۆرە بۆ دەستکاری کردن و مۆنتاژ کردنی فیلمی ڤیدیۆیی کەڵکی لێوەردەگیردرێت.

## یەکەمین کۆمپیوتەری یەکپارچەی کرۆم باس

سیستەمی کرۆم کە سیستەمی تایبەت بە کۆمپانیای گوگڵە زۆر لەمێژ نییە بۆ کۆمپیوتەر داندراوە، هەرچەندە ئەو سیستەمە هەتا ئێستا جێگیر نەبووەو پێشوازییەکی ئەوتۆی لێوە نەکراوە بەڵام رۆژێك دادێت شوێنی خۆی دەکاتەوە، چونکە قەبارەی سیستەمەکە زۆر کەمە و لە باری ئەمنییەتییەوە زۆر لەسەرێیە، گشت خزمەتگوزارییەکانی گوگڵ دەیگرێتەوە.

لەم ماوەیەدا کۆمپیوتەرێکی تایبەت بەو سیستەمە بە کوالیتی Full HD IPS هاتە بەرهەم. کۆمپیوتەری یەکپارچەی Chromebase لە ساڵی 2014دا دەکەوێتە بازارەوە.

ئەم کۆمپیوتەرە لەلایەن کۆمپانیای LGیەوە بەرهەم هاتووە. شاشەکەی 21.5ە. ستایل و دیزاینێکی سەرنجراکێشی هەیە. هەروەها ئەو کۆمپیوتەرە بەبێ بەرامبەر لە دەیان هەزار پرۆگرامی بە سوودی مارکێتی مەجازی گوگڵ سوود وەردەگرێت. تەنانەت هەندێکیان بەبێ ئەوەی کە هێڵی ئینتەرنێتیش هەبێت سوودیان لێوەردەگیردرێت. کۆمپیوتەرەکە لە بواری ڤایرۆس و ئەمنییەتەوە کێشەی نییە چونکە خودی گوگڵ چاودێری دەکات.

## یەکەمین مۆبایلی فول کوالیتی هۆشمەند لە جیهاندا

رکابەریی نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایلی هۆشمەند هەروا دێت گەرمتر دەبێت، لەم دواییەدا یەکەمین مۆبایل لە جیهاندا بەرهەم هات کە ئاستی نیشاندانەکەی فول کوالیتییە، واتە روونتر لە ئاوێنە یان سەرووی ئیچ دی (K HD 2) کە لەجیهاندا بە (QHD) ناسراوە. مۆبایلە هۆشمەندەکە کە ئاستی نیشاندانەکەی ئەوەندە بەرزە بە مۆبایلی جۆری Vivo Xplay 3S ناسراوە. شاشەکەی 5.7 ئینجە. نەك تەنیا کوالیتی نیشاندانەکەی بەرزە بەڵکو خێراییەکەی 2.3 گیگاهێرتزە، کارتی گرافیکی لە جۆری adreno 330یە. رامەکەی 3 گیگابایتە کە ئەمە یەکجار رامێکی زۆرە، هەروەها هاردەکەی 32 گیگابایتە. سپیکەر (بڵندگۆ)کانی لە جۆری DTS کە ئەویش لە ریزی باشترینەکاندایە. کامێراکەی 13 میگاپیکسلە. هەروەها دەکرێت بە پەنجەمۆر بکرێتەوە. کە ئەم بەشە کەوتۆتە پشتەوەی مۆبایلەکە، مۆبایلی ژیرۆکی ناوبراو پێدەچێت ساڵی 2014 بکەوێتە بازارەوە.







# لە داهاتوودا روبۆتە فڕۆکەکان دەبنە تەکسی ئاسمانی

هەرچەندە رەنگە هێشــتا زوو بێت بۆ داهێنانی رۆبۆتی فڕۆك و زیاتر لە چوارچێوەی خەیاڵدابێت، بەڵام هەوڵدراوە بەراســتی رۆبۆتی فڕۆك بهێنرێتە بەرهەم.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای مەزنی ئامازۆن رایگەیاند کە کۆمپانیاکەیان هەوڵیــداوە لەداهاتوودا ئەو کەلوپــەل و ئامێرانەی لە کۆمپانیاکەیان دەکڕدرێت بە رۆبۆت و بە ئاسماندا بۆ کڕیارەکان بگوازنەوە و بەوتەی ئــەم بەڕێوەبەرە لە ماوەی نیو کاتژمێردا کەلوپەلەکە بگاتە دەســتی کڕیارەکان.

رۆبۆتە فڕۆکەکانی کۆمپانیای ناوبراو بە prime air ناســراون، گۆیــا لەمێژســاڵە کۆمپانیای ئامازۆن نیازی هەیــە ئەو داهێنانە خەیاڵییە بکاتە راستی.

رۆبۆتە فڕۆکەکان ئێســتاکە توانایان هەیە تاکو کێشــی 2280 گرام بە ئاســانی بگوازنەوە، لە ناوەند و سوپەرمارکێتەوە تا مەودای 16 کیلۆمەتر دەڕۆن.








# لەم مۆبایلەدا
# بە وێنەکێشان پەیوەندی بگرە

لــە نێو هەزاران جــۆری مۆبایلــدا هەڵبژاردنی مۆبایلێك کە بــۆ منداڵان و بەســاڵاچووان بێت دژوارە، چونکە ئەوان توانای لەبەرکردن ژمارە و بەدواداگەڕانی ژمــارە خەزنکراوەکانیان نییە، بۆیە مۆبایلێکی تایبەت بە منداڵ و بەســاڵاچووان بەرهــەم هاتووە کە لەبری ئــەوەی کە دوگمەی ژمارەی هەبێــت تەنیا وێنەیەك دەکێشیەوە و لەبری ژمارەیەك دایدەنێی و بە ئاسانی پەیوەندی دەکەی.

لە هەندێك مۆبایلدا دەیبینین بەتایبەت نەخوێندەواران ســوودی لێوەردەگرن، کە لە پەنــا ژمارەکەدا وێنەی گوڵێك، پەپوولەیــەك، تۆپێك..تاد هەیە، بە هۆی ئەو هێمایانەوە بەکارهێنەر ژمارەکە دەناسێتەوە. ئەم هاندەی مۆبایلیش تەنیا بە کێشانی وێنەیەك کە پێشووتر لەبری ژمارەیەك داتناوە دەتوانی پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بگری.



# دەستەوانەش دەبێتە مۆبایل

ژیان لە سێبەری تەکنەلۆژیای نوێدا بە جۆرێکی لێهاتووە تەنانەت دەستەوانەش دەبێتە مۆبایل! لەم رۆژانەدا دەستەوانەیەکی نوێ کەوتە بازاڕەوە کە بەهۆیەوە دەکرێت کار لەسەر شاشەی لەمسی مۆبایلە هۆشمەندەکان بکەی و تەنانەت قسەش لەگەڵ کەسانی دیکە بکەی.

ئەو خانمەی کە لەوێنەکەدا دیارە ئەوە گاڵتە ناکات و لاسایی تەلەفۆن کردن ناکاتەوە هەر بەراست بەهۆی ئەو پەنجەوانەی لەدەستی دایە دەتوانێت پەیوەندی بکات و پەیوەندی وەربگرێت. پەنجەوانەکە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایلەکان پەیوەند دەدرێت و لە پەنجەی شادەدا بڵندگۆیەکی بچووك و لە پەنجەی بچووك (توتە) شدا مایکرۆفۆنێك هەیە بەهۆی ئەو پەنجەوانە شەوە دەتوانی ئەوەندەی حەزت لێیە لەگەڵ دۆستانت قسە بکە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەریکی بەڕێز پرسیار دەکات ئایا چۆن دەکرێت گشت ژمارەی سەر فایلەکانی سەر پرۆگرامی word بەعەرەبی یان بە ئینگلیزی بن، چونکە هەرچەندی دەکەم ناتوانم ژمارەکان بەئینگلیزی بنووسم؟

خوێنەری بەڕێز بەر لەهەموو شتێك دەبێت بزانرێت چ ئۆفیسێك بەکار دێنی، ئۆفیس 2003 یان 2007 یان 2010. لە ئۆفیس 2007 بۆ سەرەوە ئەم رێگایە بگرە بەر. سەرەتا بچۆ سەر ئەو هێمایەی کە لە پەنجەرە دەچێت لە گۆشەی لای چەپی پرۆگرامی Word لەودا word OPTIONS ببینەوە و بچۆ سەر بەشی ADVANCED لەودا لە بەشی show document contact لە بۆکسی numeral ئەگەر فەرمانی ARABIC دابگرە ئەوە ژمارەکان بە عەرەبییە، ئەگەر فەرمانی system دابگری ئەوە بە ئینگلیزییە و ئەگەر context دابگری ئەوە بە ویستی خۆتە، واتە لە تێکسی عەرەبی بە عەرەبی ژمارە دەنووسی و لە تێکسی ئینگلیزی بە ئینگلیزی ژمارە دەنووسێ.

## پایسکلێک هەوای پاک بڵاودەکاتەوە

ئایا دەزانن لەنێوان دە ئامێری گرنگ و بە سوود کە مرۆڤ بەرهەمی هێناوە چ ئامێرێك لە ریزی یەکەمدایە، ئۆتۆمبێل؟ فڕۆکە؟کۆمپیوتەر؟ نەخێر هیچ کام لەو ئامێرانە لەریزی یەکەمدا نین، باشترین و بەسوودترین ئامێر لە ریزی دە داهێنانی گرنگ پایسکل واتە ئەسپە دارینە یان دووچەرخە لە ریزی یەکەم دێت. چونکە تەنیا ئەو ئامێرە هیچ زیانێکی بۆ ژینگە نییە جگە لەوەی تەندروستییەکی باش بە خاوەنەکەی دەبەخشێت و لە قەڵەوی دووری دەخاتەوە، بچووکترین زیانیشی بۆ ژینگە نییە، پێچەوانەی ئۆتۆمبێل و فڕۆکە کە لەبواری تەندروستییەوە هیچ سوودێکیان بۆ خاوەنەکەی نییە و زیانێکی زۆریش بە ژینگە دەگەیەنن و بەهۆی دوکەڵی پیسیانەوە ژینگە هەر وێران دەکەن.



# پرۆگرامێک بۆ سپاردنی هەندێک ئەرک بە ماوس



گەلێك پرۆگرام هەن كە تایبەتن بە ماوس و ڕێكخستنی ئەركەكانی ماوس، لە ریزی ئەواندا پرۆگرامی strokesplus لە ریزی سەركەوتووەكان دێتە ژمار. ئەم پرۆگرامە بەمەبەستی ئۆتۆماتیكی كردنی هەندێك لە ئەركەكانی ماوس داندراوە. بۆ نموونە زۆر لەو ئەركانەی كە دووپات دەبنەوە بە ڕێكخستنی جووڵەی ماوس ئەنجام بدرێن. بۆ نموونە ئەگەر سێ كلیك دابگری ئۆتۆماتیكی پرۆگرامێكی دیاریكراو بكرێتەوە، یان ئۆتۆماتیكی كردارێك ئەنجام بدات وەك كۆپی كردن یان پێوەچەسپاندن. هەربۆیە بەهۆی بەكارهێنانی ئەم پرۆگرامە تا رادەیەك دەتوانی ئەركەكان ئاسانتر ئەنجام بدەی. بۆ سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە پێویست دكات هەندێك فەرمان بە ماوسەكە بسپێردرێت.

# سایتێک بۆ چێکردنی لۆگۆ




لۆگۆ (LOGO) یان ئارم ئەو هێمایە كە وەك پێناسەی كۆمپانیا، حزب و ڕێكخراو، گروپ و تاقمێك، یەكێتی و سەندیكای هونەرمەندان ونووسەران و ...تاد، سەیر دەكرێت. بەهۆی لۆگۆكەوە بزانرێت ئەوە كام كۆمپانیا یان حزب و ڕێكخراو...تاد.. بۆ روونكردنەوەی زیاتر كاتێك لۆگۆی كۆمپانیای تیۆتا دەبینی كە بازنەیەكی هێلكەیی و لەناوەندەكەیدا هێمایەك هەیە كە وەك شاخی بۆفالۆ یا گامێشی كێوی دەچێت. لۆگۆ لەگەڵ ئەوەیدا كە هێمایەكە بۆ ناسینەوە دەبێت مانادداریش بێت، زۆركەسی شارەزا هەیە كە ئەركی چێكردنی لۆگۆیە، زۆر پرۆگرامیش هەر بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم هاتوون. گەر نیازت هەیە بەبێ پرۆگرام و بەبێ كەسی شارەزا لۆگۆیەك چێ بكەی سەر لە www.logomaker.com بدە لەو سایتەدا مەبەستی لۆگۆكان ریزبەندی كراون وەك لۆگۆی تایبەت بە بواری هونەری، بازرگانی، نووسینگە و خوێندن، بۆ هەر مەبەستێك دەتوانی لۆگۆ چێ بكەی.



زانایانی بواری تەكنەلۆژیای نوێ لەمڕۆژانەدا جۆرێك لە پایسكیلیان بەرهەم هێناوە كە لەكاتی ڕۆیشتندا هەوای شەقامەكانیش پاك دەكاتەوە! ئەم پایسكلە لەلایەن كۆمپانیای لایت فاگ لە بانكۆك چێكراوە هەرچەندە هەتا ئێستا تەنیا نموونەكەی بەرهەم هاتووە و نەكەوتۆتە بازاڕەوە. ئەو پایسكلە ئەلەمنیۆمە و سیستەمێكی فتۆسنتزی تێدایە كە ئەركەكەی ئەوەیە ئاو و وزەی ئەلكتریكی بكات بە ئۆكسجینێكی پاك. فیلتەری پاكڕاگرتنی هەوا لەسەر سوكانی پایسكلەكەیە كە هەوای و پیس و غازی ژاراوی ئۆتۆمبێلەكان وەردەگرێت و هەوای پاك دەردەداتەوە.

